# قاوەخانەی کچانی بەختەوەر

**دلاوەر قەرەداغی**

**شتێکیان لە تەبیعەتی باران تێدایە**
**بۆنێکیان لە هەور پێیە**
**بە سێ پشت بە خزمایەتیی دەگەنەوە بە با**
**کە دێنە دەرەوە ... کچەکان**
**دەستی زستان دەگرن و**
**بەو بەفرەدا دەیبەن**
**بۆ شار**
**تەڕ وەکو چیمەنێك لە شەودا**
**ڕووناك وەك ئەستێرەیەك**
**کە لەوەدایە بڕژێ**
**ئێوارە دێنەوە کچەکان**

هەتاو بەشی جاددە دەدەن
بەشی تەنیایی
بەشی دوکاندارە پیرە گرانجانەکان

تەواو نابێ قسە
نییە سەفەرێك بچێتەوە سەر شاری
دڵنیایی
کچەکان هەموو وەرزەکانیان لای خۆیان گل دانەوە
هەموو حەکایەتەکانیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد
هەموو پۆستەچییەکانیان
بۆ خۆیان برد
زەریا نەما حەز نەکەن بیکەنە شوێنی مەلە
سەربان نەما خەونی تێدا نەبینن
هاوین نەما پڕی نەکەن لە بۆنی شیر
هەموو ناوە خۆشەکانیان لەخۆیان نا:

شەونم
شەوبۆ
شەهلا
شیلان
شەیما!
کچەکان
کوتوپڕ هاتنە ناو حەکایەتەکانەوە و
شەوی شازادەیان پڕ کرد لە دردۆنگیی و
خوێن و بریقەی شمشێر
یەکی بە ڕۆمانێك و فنجانێك قاوە و
سیگارێکەوە
کەوتنە خوێندنەوەی حوزنی ڕۆنگخواردووی
ڕێبوارانێك
کە بەو بەفرە ... لەزەریاوە دەهاتنەوە
کۆکە کۆك ...
نێوان دێڕی شیعرەکانیان پڕ کرد لە دوکەڵ

هەموو گۆرانییەکانیان بۆ مەبەستی خۆیان
هەڵگێڕانەوە ... کچەکان
تا سەر لێواری سەما ڕایانکرد
تا سەر لێواری مردن ... پێکەنین
تا نێو خەرەندی لەززەت غلۆر بوونەوە
تا قووڵایی عەزاب
ئینجا کچەکان ... دووگیان بوون بە تەنیایی
لەڕێگەی نێوان شارێك لێرە
بەرەو شارێك لەوسەری ئەبەدییەت
شارێك دوور
وەك ملوانکەیەکی پچڕاو
لەگوێ زەریایەکی ڕژاو لایاندا
خۆیان هەڵکرد ... کچەکان
بەڕۆمانێك و قاوەیەك و
سیگارێکەوە
بەپێی پەتیی

**لەو هەموو غەم و وردە شووشە و خوێنە**
**پەڕینەوە**
**دواجار**
**هیچیان بەمیرات بۆ نەمایەوە**
**جگە لە ئاوێنەیەکی درزبردوو**
**جگە لە خوێنی ڕژاوی شازادە**
**جگە لە نامەیەکی نەنووسراو**
**کەچی کچەکان**
**هەر لێرە ... بە ڕۆمانێك و قاوەیەك و**
**سیگارێکەوە**
**بەو بەفرە**
**قاچ لەسەر قاچ دانیشتوون،**
**بێباکانە قاوە دەخۆنەوە و**
**سیگار دەکێشن و دەخوێننەوە**
**لە شەقامی خەزان**
**تەنیشت دۆندرمەخانەی شاعیرانی خانەنشین**

## بەرامبەر نەخۆشخانەی بێچووە شێران
## لە قاوەخانەی سەعادەت!

**زستانی 2007**
**سوێد**